کۆبوونەوەی سێ قۆڵی نێوان وەزیرانی دەرەوەی ئێران و عێراق و سووریا لە بەغداد بەڕێوەچوو



ئەمڕۆ هەینی 6ـی کانوونی یەکەم، کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی نێوان وەزیرانی دەرەوەی ئێران و عێراق و سووریا لە بەغداد بە پێداچوونەوە لە پێشهاتەکانی سووریا بەڕێوەچوو.

هەروەها سەرچاوە میدیاییەکان ئاشکرایانکرد کە شەوی پێنجشەممە، عەباس عێراقچی و بەسام سەباغ، وەزیرانی دەرەوەی ئێران و سووریا بەمبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەینی لەگەڵ هاوتا عێراقیەکەیان، فوئاد حسێن، و سەرۆک وەزیرانی عێراق گەیشتوونەتە بەغداد، بە گفتوگۆکردن لەبارەی دۆخی ئێستای سووریا و پێشهاتە کۆتاییەکان بە پێشکەوتنی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا و کۆنترۆلکردنیان چەندین شاری گەورە لەدەست ئۆمی سووریا.